# بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان

http://www.btinternet.com/~kurd.oil

- - بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان،
- - بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق،
- - بەڕێز کاک عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان،
- - بەڕێز سید جعفەری سەرۆک وەزیری عێراق،
- - بەڕێز سید حاچمی سەرۆک پەرلەمانی عێراق،
- - بەڕێزان باڵوێزی ئەمەریکاو بەریتانیا لە عێراق،

دەمەوێ دڵگرانی نەتەوەی کورد و خۆمتان پێ ڕابگەیەنم لە دارشتنی دەستوری عێراقی، کە هیچ حسابێکی بۆ کورد و خاکەداگیرکراوەکانی کوردستان نەکردوەو زۆرینەی کورد ئەو دەستورە پەسند ناکات.

ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ وە هەڵوێستی خۆمان ئاشکرا کردوە کە پشتیوانیمان لە هاوپەیمانان کردوەو بەردەوام پشتیوانیش دەیکەین بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریەکی مۆدێرنی سەردەمی شارستانیەتی تازە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا، ئەو گورانکاریش سەرکەوتن بەدەست ناهێنی تاکو گۆڕانکاری جوغرافیایی نەیەتە کایەوە.

ئێمە پێمان وایەو دەبێ عێراق دابەش بکرێ بە پێی ئەو سیستەمەی سەردەمی عوسمانیەکان کە عێراق بریتی بوو لە سێ ویلایەتی موسڵ و بەغداو بەسرە.

کوردەکان ویلایەتی موسڵ بە موڵکی خۆیان دەزانن و لێی دەستبەردار نابن، ئێمەش وەک پێشمەرگەیەکی نەتەوەی کورد سەرمان دادەنێین بۆ بەجێ گەیاندنی داوای نەتەوەکەمان کە قبووڵ نەکردنی ئەو دەستورەو سەربەخۆیی کوردستانە.



سەردار پشدەری

لەندەن ٢٥ - ٨ - ٢٠٠٥